پرۆژەی
بەکوردییکردنی
زانست و خوێندنی باڵا

هەواڵنامەی کتێب

دوکتۆر فازیل قەفتان
دوکتۆرا لە ئابووریی پیشەسازیی

پـڕۆژەی
بە کوردییکردنی
زانست و خوێندنی باڵا

دوکتۆر فـازیل قەفتـان

دوکتۆرا لە ئابووریی پیشەسازیی

پڕۆژەی قەفتــان

- ناوی کتێب : پڕۆژەی بە کوردییکردنی زانست و خوێندنی باڵا
- نووسەر : د. فازیل قەفتان
- بابەت : زمانی بونیادنان و ئاخاوتن / وانەبێژیی
- هەڵەبڕیی و دیزاینی ناوەڕۆک : مەریوان قەفتـان
- دیزاینی بەرگ : جەلیل حسێن
- سەرپەرشتیاری چاپ : مەریوان قەفتـان
- تیراژ : ١٠٠٠ دانە
- چاپخانە : پیرەمێرد
- نۆبەتی چاپ : یەکەم چاپ

لە بەڕێوەبەرێتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارە سپاردنی (١٤٤٥) ی ساڵی ٢٠١٩ ی پێدراوە

تێچووی لەچاپدان

لەلایەن بەڕێز دکتۆر "فەرەیدون قەفتـان"

هەواڵنامەی کتێب

٤٠٩,٠٧١

ق ٩٤٣ قەفتان ، فازیل

پڕۆژەی بە کوردییکردنی زانست وخوێندنی باڵا/ فازیل قەفتان . ـ چ ١. ـ

سلێمانی ـ پڕۆژەی قەفتان چاپخانەی پیرەمێرد ، ٢٠١٩

٤٨ ل ١٤,٨ سم x ٢١ سم

١. زمانی بونیادنان و ئاخاوتن ٢. وانەبێژیی (تدریس)

٣. ناونیشان

هەواڵنامەی کتێب

سەرپەرشتیاری چاپ

مەریوان قەفتان

لەبڵاوکراوەکانی

پڕۆژەی قەفتان بۆچاپ وبڵاوکردنەوە - (٦)

ئـەم پـڕۆژەیـە پێكدێت لـە :

١. پێشەكییەك :

(بۆچی پێویستە زانست بە كوردیی بخوێندرێت؟)

٢. بەشی یەكەم :

(بۆچی دەبێت خوێندنی باڵا بە زمانی زگماكی كوردیی بخوێندرێ؟)

٣. بەشی دووەم :

(هەندێك سەرنج و كاری چەسپاو)

٤. بەشی سێیـەم :

(پێداویستییە سەرەكییەكانی پڕۆژەكە)

هەواڵنامەی كتێب

مشروع
تدريس العلوم والدراسات العليا باللغة الكردية

هذا المشروع يبحث عن مبررات تدريس العلوم باللغة الكردية و هو في ثلاث اجزاء :

الجزء الأول :

لماذا يجب أن ندرس الدراسات العليا باللغة الكردية "لغة الأم"

الجزءالثاني :

بعض من الملاحظات

الجزءالثالث :

الأحتياجات الرئيسية للمشروع

PROJECT OF TEACHING THE SCIENCES & HIGHER EDUCATION IN KURDISH LANGUAGE

By: Dr. Fadhil Kaftan

Ph.D. In Industrial Economy

This project talks about reasons why the sciences should be taught in mother Kurdish language.

The first part:
(why the higher education should be taught in Kurdish language).

The second part:
(some notices).

The third part:
(The main requirements of the project).

ژیاننامەی دکتۆر فاضل قەفتان

ناوی (**محمد فاضل محمد عەزیز قەفتان**)ە ، لە ساڵی ١٩٤٣ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە و تیایدا خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی خالیدیەی کوڕان و خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی ویژەیی لەسلێمانی و خوێندنی کۆلێجی بەڕێوەبردن و ئابووری لە زانکۆی بەغداد تەواو کردووەو وەکو فەرمانبەر لە زانکۆی سلێمانی دامەزراوە.

لە تەمموزی ساڵی ١٩٧٥ و لە وڵاتی ڕۆمانیا بڕوانامەی دکتۆرای لە ئابووری پیشەسازییدا بەدەستهێناوە و لە ساڵی ١٩٧٦ دا لە زانکۆی سلێمانی بووە بە مامۆستاو ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە پێشخستنی زانکۆدا و جگە لە کاری مامۆستایی ئەمینداری گشتی کتێبخانەی زانکۆ بووەو سەرپەرشتی دەرچوونی چەندین گۆڤاری لە زانکۆدا کردووە.

پاش گواستنەوەی زانکۆی سلێمانی بۆ شاری هەولێر بە ماوەیەکی کورت لەبەر پشتگیریکردن و هاندانی خوێندکارانی زانکۆ دژی ڕژێمی فاشستی بەعسیی لە زانکۆ دوورخرایەوە بۆ کۆمپانیای شەکر و لەوێشەوە بۆ فەرمانگەی ئامار لە شاری سلێمانی و پاشان لەسەر داوای ڕژێم بۆ پڕکردنەوەی کۆلێجە بێ مامۆستاکان گەڕایەوە بۆ زانکۆی سەلاحەدین و بە پلەی

پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە کۆلێجی ئابووری درێژەی بە کارەکانی دا.. دواتریش چەندین لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی بە ئەنجام گەیاند.. دەستێکی باڵای هەبوو لە نووسینی ئەدەبیدا و خۆشنووسێکی دیارو بێ هاوتا بوو و هەر لەوێش جگە لە کاری مامۆستایەتی بەڕێوەبەری چاپخانەی زانکۆش بوو.

لە ساڵی ١٩٦١ ەوە پەیوەندی بە (پ. د. ك) ەوە کردووە و دواتریش لە نەوەدەکاندا لە (ی. ن. ك.) دا ئەندامێکی چالاك بووە و لە کۆنگرەی (ی. ن. ك.) دا وەك ئەندامێك بەشداری کردووە.

لە ساڵی ١٩٧٠-١٩٧٥بە سەرۆکی کۆمەڵەی قوتابیانی کورد لە ئەوروپا / لقی ڕۆمانیا هەڵبژێردراوە هەروەها لە ساڵی ١٩٧٢ بەسەرۆکی لیژنەی ئامادەکردنی شانزەیەمین کۆنگرەی کۆمەڵەی قوتابیانی کورد لە ئەوروپا کە لە بوخارستی پایتەختی ڕۆمانیا بەستراوە و لەڕێی نامە نووسینەوە توانیویەتی دەنگی گەلی کوردی ستەمدیدە بە زۆربەی زۆری سەرۆکەکانی وڵاتانی جیهان لەو کاتەدا بگەیەنێت.

لە ساڵی ١٩٧٣ دا نوێنەری ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە لە ڕۆمانیا بۆ کۆنفرانسی پارتی لە ئەوروپا و بە ئەندامی لقی شەشی پارتی لە ئەوروپا هەڵئەبژێردرێت.

هەواڵنامەی کتێب

لە ساڵی ١٩٩٢ دا لە سەر لیستی سەوز بە ئەندامی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردراوە و زۆر جێ پەنجەی بە کارەکانی یەکەم پەرلەمانی کوردستانەوە دیاربوو.

پاش سەرنەکەوتنی دوو جاری هەوڵی کوشتنی لە ساڵی ١٩٩٤ دا کاکە دکتۆر "فازل قەفتان" بۆ دوورکەوتنەوە لە دەستی تاوان بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە و پاش ماچکردنی خاکی کوردستان لەسەر سنوور ناچار کوردستانی خۆشەویستی خۆی بەرەو ئەورووپا بەجێهێشت و کەوتە دووره وڵات و پاش کەمتر لە دوو ساڵ کە تیایدا چەندین چالاکی نەتەوەیی بەئەنجام گەیاند دڵە گەورە تینووەکەی بە خاکی کوردستان لە وڵاتی ئەڵمانیا لە ڕۆژی ١٥/ ٥/ ١٩٩٦ لە لێدان کەوت و لە ڕۆژی ١٩٩٦/٥/٢١ دا لە شاری (**دارمشتاد**) ی ئەڵمانیا تەرمەکەی بە خاك سپێردرا.

"**ئالان**" ، "**ئاڤان**" و "**ئارام**" سێ ڕۆڵەی دڵشکاو و لێبەجێماوی ئەون.

لەپاش خۆی چەندین بەرهەمی چاپکراو و چاپنەکراوی لە هەموو بوارەکاندا بەجێهێشتوە.

بەرهەمە چاپکراوەکـانی :

١- ناميلكەی چالاك : چوار چيرۆك بۆ مندالأن
٢- ناميلكەی من كێم : زانياريی بۆ مندالأن
٣- گەشتێك بە سروشت و زانستدا
٤- كتێبی كوخەكەی مام تۆم : وەرگێڕراو بۆ كوردی
٥- كتێبی ڕژێمە ئابوورييەكان
٦- التنمية الاقتصادية : بە زمانی عەرەبی
٧- الذهب الأسود : بە زمانی عەرەبی
٨- پڕۆژەی بە كوردييكردنی زانست و خوێندنی بالأ

جگە لە چەندين بەرهەم و چالاكی كە هەر هەموويان جێ پەنجەی خوالێخۆشبوويان بە تەواوی پێوە ديارە.

پياوێكی كوردپەروەر ، ڕووخۆش ، گەشبين ، لەسەرخۆ ، لێبوردوو ، خۆنەويست و زانا بوو.. مندالأنی زۆر خۆشئەويست و ڕێزی لە هەموو كەسێك ئەگرت و خەونە گەورەكەی كوردستانی گەورە و ئازاد بوو و ئاواتێكی زۆر زۆری لەگەلٚ خۆيدا بردە ژێر گل ....

هەزاران سلأو لە گيانی پاكی كاكە دكتۆر فـازل قەفتـان.

نووسينی
دكتۆر فـەرەيدون قەفتـان

هەولێرنامەی كتێب



دکتۆر فازیل قەفتـان

١٩٤٣ - ١٩٩٦

بەڵێ لەنـاو قەومی بەسیتـا قـەدری سەنعاتکـار
وەکو عەکسی قەمەر وایە لەناو حەوزێکی لیخندا

پڕۆژەی
بە کوردییکردنی زانست و خوێندنی باڵا

د. فـازیل قەفتـان
دوکتۆرا لە ئابووری پیشەسازیی دا

پێشـەکی :

هەرگیز(بە کوردییکردنی زانست یان زانست بە کوردییکردن) بە هەموو بوار و جۆرەکانیەوە (بە واتـای) دەرگا داخستن و خۆجیاکردنەوە و گۆشەگیریی نیـیە بە ڕووی زمان و میللەتانی دوور و نزیکی جیهان(ەوە)، بەڵکو ڕاستی ئەم مەسەلەیە تەواو پڕبەپڕ پێچەوانەی ئەوەیە، واتە لەم ڕێیەوە نەتەوەی کوردمان دتوانێت پەیوەندیی خۆی زیاتر پتەوتر بکات بە میللەتانی جیهان و زمانەکان یانەوە، بۆ ناسین و شارەزابوونی ئەو ڕادە و ئاستەی ئەو میللەتانە لە ڕووی هونەر و ئەدەب و تێکڕای زانستەوە کە پێیگەیشتوون، چاوێك بە کاروانی هەوڵ و تێکۆشان یاندا بخشێنێ و کەڵك لە ژیانی ڕۆژانەیان وەربگرێت. واتە ئەم کارە هۆکارێکە بۆ دەرگا کردنەوەیەك لە سەر ئەو نهێنیانەی لای نەوەی کورد هێشتـا لێڵە و بە زمانی زگماکی خۆی هێشتـا تەواو مێشکی پێ زاخاو نەدراوە.

هەر میللەتێك، بییەوێت بە دوای (زانیاریی و زانست)دا بڕوات و تینووی ئەو ڕێیە بێت، هەمیشە دەبێت هەوڵبدات و بۆ ناسین و فێربوونی ئەو زانستانە (شەوبخاتە سەر ڕۆژ) و

پەڕەی میللەتانی پێش خۆی هەڵبداتەوە و کەڵکیان لێوەربگرێ. بێگومان ئەو ڕێ یەشە کە دەمان گەیەنێتە ئەو مەبەستە، هەمیشە هەر گۆڕینی ئەو بوارانەی زانیاریی و زانستە بۆ زمانە شیرینەکەی کوردیی مان، واتە گۆڕینی ئەو کاروانی زانستانە بۆ زمانی کوردیی و دەوڵەمەند کردنی و پەلهاویشتنی لە هەموو بوارەکان دا بێ جیاوازیی و پاشان هەوڵدان بۆ تەشەنە پێدان و گەشە پێکردنی لە لایەن نەوەکانی داهاتووەوە، تا بتوانرێت زمانێکی زانستیی لێ دروست بکرێت و نەوەکان مان بەو زمانە بخوێنن و بیربکەنەوە و پاشە ڕۆژی خۆیانی پێ ڕەچاو بکەن، تاریکی ڕابردووی پێ ڕووناک بکەنەوە، چونکە دەزانین کە (زمان) تەنیا هۆ و هۆکارێکی لە یەک گەیشتن و پەیوەندییکردن نییە و بەس، بەڵکو هۆکارێکی بیرکردنەوە و داهێنانە و هەمیشە هەڵوێست و ژیانە.

جا لەم ڕوویەوە، ئێمە چەند پەلە بکەین و هۆ و هۆکاری پێویستی بۆ بخولقێنین و چاوەڕێی ڕێکەوت نەکەین و تەمەڵی لە کار و کردارمان دا نەکەین و هەستی هیمەت و دەستی فراوان مان هەڵکراو و کراوە بێ، هەرگیز سست و داخراو نەبێ، ئەوەندە زووتر بەو ئاواتە پیرۆزە دەگەین چونکە لای هەمووان ڕوونە کە زانست و زانیاریی ئەمڕۆ وەك جاران نییە، بەڵکوو هێندە خێرا دێت و دەڕوات دوورنییە ئەگەر لێی بخافڵێین زمان و میللەتەکە مان زۆر زیاتر تووشی چەرمەسەریی تری

دواکەوتن نەبێت، چونکە سەدە سەدەی تەقینەوەی زانیاریی و زانستە و هەر چرکەیەك و هەر ساتێك شتێکی نوێ و تازەتر دەخولقێ و مافی ڕەوای میللەتی کوردی ئازاشە کە کەڵك لە زانست و زانیاریی یانەی پێ مسۆگەر بکات.

کە دەڵێین :

مافی میللەتی کوردە وەك هەموو میللەتێك لە میللەتانی سەر ڕووی زەمین، چونکە زانست و زانیاریی و پێشکەوتن هەرگیز موڵکی دەستە و کۆمەڵێك یان تەنیا میللەتێك یان چەند میللەتێکی جیهان نین و(زانست و زانیاریی) بێسنوورە و هەرگیز گومان لەوەدا نییە کە باو و باپیرانی ئێمەش لە کاروانی ئەو زانست و زانیاریی یانە کە ئەمڕۆ لە برەودان هاوبەشیی یان کردووە، ئەگەر چاوێك بە مێژووی زانست دا بخشێنینەوە هەمیشە دەیان زانا و شارەزا و فەیلەسوف و بیرکەرەوەی بە ناوبانگ و ناودارێکی قەشەنگی کورد سەرهەڵ دەبڕن و مایەی خۆشحاڵی و شانازیی میللەت مان پێ دەبەخشن کە هاوبەشیی یان لە (بناغەی زانست)دا بووە و خزمەتی مرۆڤایەتیی ئەوسایان کردووە و لەم ڕووەوە دەیسەلمێنن کە هەرگیز میللەتی کورد بێبەش نییە و (مێژوو) ش هەمیشە شایەتە و زمانڕاستی گەلانی بەشخوراو و چەوساوەیە.

جا لێرەدا دەڵێین : کە (گۆڕینی زانیاریی و زانست) لە زمانی گەلانی جیهانەوە بۆ زمانی کوردیی مان هەمیشە قەشەنگترین و پیرۆزترین ڕێگایە کە دەرگایەکی پێشەکەوتن مان لێدەکاتەوە و هەنگاونانێکی پیرۆزە کە لە قۆناغێکی لێڵ و تاریکەوە دەمانخاتە نێو قۆناغێکی نوێی پڕ لە سەرکەوتنەوە.

بۆ ئەم مەبەستەش (زمانی زانستیی کوردیی) و خولقاندنی و گەشە پێکردنی، دەستبەرداری زمانەوان و شارەزا و پسپۆڕە دڵسۆزەکان دەبێ و هەمیشە چاوی لە بەرهەم و بیرکردنەوەی ئەوان دەبێ کە (چۆن و کەی) ئەو هەنگاوە پیرۆزە دەنرێت و کەی ئەو بەردە زێڕینە بە دەست و مەچەکی کوردی دڵسۆز بناغەی دەدەنەوە و وێنەی دەست پێکردن و خولقاندن و گەشەپێکردن و نەشوونوماکردنی بە لێزانانەوە بۆ دەکێشن؟؟

گومانی تێدا نیە کە ئەم کارە، واتە گۆڕینی هەموو ئەو زانست و زانیاریی یانەی میللەتانی پێشکەوتووی جیهان پێی گەیشتوون و بە کوردییکردنیان هەمیشە بڵێسەیەکی بیر و بیرکردنەوەیەکی بە پێت و دەوڵەمەند دەخولقێنێ و وەك دەرمانێکی سارێژکەر وایە بۆ برینەکانی ئەم میللەتەمان و هەمیشە پاڵپێوەنەرێکی بە تەوژم دەبێت کە هێز و توانا بە کاروانی پێشکەوتن و ڕەوڕەوەی گەشەکردن مان دەدا و لە پەنگ خواردوویی ڕزگارمان دەکات.

بەشی یەکەم

بۆچی دەبێت

(خوێندنی باڵا بە زمانی زگماکی کوردیی‌مان بێت)؟

خوێندن و بە تایبەتی خوێندنی باڵا خوێندنی زانکۆ بە زمانی زگماکی میللەتێك کارێکی نەفسیی و پەروەردەیی‌یە، کێشەکە بەش بە حاڵی خۆی چەندین ڕا و بۆچوونی جیاواز دەخولقێنێت!!

بەڵام کێشەکە خۆی لە خۆی دا لە ڕوانگەیەکی ویژدانیی یەوە ئەوەیە کەهەر میللەتێك دەیەوێت کەلەپوور و مێژووی بوونی خۆی بسەلمێنێ و هەمیشە پەیوەندیشی هەیە بە کرداری بیر و بیرکردنەوەی مێشکی مرۆڤ و ئەوەی شایانی باسە ئەم مەسەلەیە زۆر پەیوەندیی بە زانستی دەروون ناسیی زمانەوانیی یەوە – علم النفس اللغوي- هەیە. مێشکی مرۆڤ کە توانای لە سەرووی مێشکی هەموو زیندەوەرەکانی ترەوەیە، پەنای بردۆتە بەر (زمان) و لە ئەنجامی گەشەکردن ونەشوونوما کردنی مێشکی مرۆڤ دا زمانی خولقاندووە، نیشانە و وێنەی بەکار هێناوە کە لە دوایی دا بوونەتە (ووتە) و قسەیان پێکردووە و ئینجا بوونەتە (ووشە) و پێیان نووسیوە. گومان لەوەدا نی‌یە کە بیرکردنەوەی مرۆڤ بە تەواوی پشتدەبەستێ بە (زمان)ـەوە و هەرگیز ئەو بیرە دەرنابڕێ بێ بەکارهێنانی (زمان) و قسە پێکردنی دەخولقێنێ و ووردە ووردە دروست تر

و تەواوتر لە مێشکی (منداڵ)دا پێدەگات، چەند ئەو منداڵە تەمەنی گەورەتر بێت ئەوەندە (زمـان) لای تەشەنە دەکات، واتە (زمـان) بە دەستهاتوویەکی کۆمەڵایەتیی ڕۆشنبیریی شارستانێتی ئەو دەوروبەر و ژینگەیەیە کە تێیدا دروست بووە و تێیدا سەری هەڵداوە، ئەو مانایانەی کە دەردەبڕڕێ و دەزانرێت هەمیشە ئەو مانا بەکارهاتووە، ڕووی ڕابوردوو و ئێستای کەسوکار و خەڵکانی هاونیشتمانی ئەو میللەتەن و مانا و واتای هەرشتێك بێت بێگومان پشت دەبەستێ بە ووشە و ڕستەوە و ووشەیەکی بە مانا لە هەر کۆمەڵگایەك و ڕۆشنبیریی یەکدا هەرگیز هەمان مانا و واتا نابەخشێ لە کۆمەڵگا و ڕۆشنبیریی نەتەوەیەکی دیکەدا، بەڵکو جیاوازە، ئەگەر هێما و دەربڕینانە جیهانی نەبن و تێکڕا لە سەری ڕێکنەکەوتبین. وەك نیشانەکانی هاتووچۆ و هێمای وەرزشیی و فیزیک و ماتماتیك و کیمیاگەریی و بوارەکانی تری زانست، ئەمەش تاقیکردنەوەکانی زمان، ڕوونیان کردووەتەوە و تەنانەت ئەو تاقیکردنەوانەیان لە سەر چەندین دەستە و کۆمەڵەی خێڵ و هۆزە سەرەتایی یەکان کردووە.

ئەم بنەڕەتە سەرەتایی یانەی زانستی دەروونناسیی زمانەوانیی دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە مرۆڤ کاتێ دەستدەکات بە بەکارهێنانی زمانی زگماکی خۆی، ئەوا بەردەوام مانای ئەو شتانەی لە کۆمەڵ و دەوروبەری خۆی دا فێری دەبێ لە مێشکی

دا تۆماری دەکات و لە بیری دا کۆی دەکاتەوە، جا هەرشتێك کە تازە فێری دەبێ، بەندە لە سەر ڕێسایەك لە مانای زمانەوانیی یان لە مانایەکی هێما و نیشانە، کە ئەوانیش بەندن بە ووشە و ڕستەوە، واتە(زمـان) لێرەدا هۆ و هۆکارێکی پەیوەندیی بەستنە لە نێو ژیریی و هۆش و لە نێو خەڵکی و لە نێو ئەندامانی خێزان دا و پاشان لە نێو مامۆستا و قوتابی و خوێندکارا.

کرداری گواستنەوەی بیر بە نیشانە و هێمای لە سەر ڕێکەوتوو هەمیشە لە سەر پێوەرێك هەردەم وادەکات کە (خوێندن) بە زمانی زگماکیی کارێکی ئاسان و ووردەکاریی تر بێت، چونکە خوێنەر (قوتابی و خوێندکار) ئەو هێما و نیشانە زمانەوانییانە بە خێراییەکی بێوێنە و زۆر زوو پێدەزانێ و تێدەگات و بەو پەڕی ڕوونیی یەوە لە هۆشی خۆی دا تۆماری دەکات.

جا لێرەدا، پرسیاری ئەوە دەکەین و دەڵێین (زانینێك) لەو زانینانە لە مێشکی خوێندکارێکی زانکۆدا چی بەسەردادێت لە ڕووی (فەسلەجیی و دەماریی و دەروونیی یەوە کاتێ بە زمانێکی بێگانە ئەو زانینانە دەخوێنێت ؟؟)

لێرەدا دەڵێین کە بە دوو قۆناغ یان دوو کرداردا دەڕوات:

<u>یەکەم</u> وەرگێڕانی تەرجەمەیەکی زۆر خێرای ئەو زانینە لە زمانە بێگانەکەوە بۆ زمانی زگماکی خۆی، واتە هێمایەکی بێگانەوە بۆ هێمایەکی ڕەسەن.

دووەم لە نیشانە ڕەسەنەکەوە بۆ مانا یان ئەو واتایەی کە مەبەستە.

جا هەرچەندە ئەو (خوێندکار)ـە بە توانا بێ و توانای تەواویشی بە سەر زمانە بێگانەکەدا بشکێ، بەڵام کارێکی لە مێشکی دا دوو قۆناغ لە کرداری گۆڕینی خێرا ڕوودەدات و دەشێ کە ئەو کارە هەندێ هەڵە و ناڕێکی بە دوایاندا بێ، بۆیە دەڵێین کە کرداری خوێندنەکەی تا ڕادەیەك تووشی جۆرە سستیی و هێواشیی یەک، یان جۆرە ناتەواویی یەك لە مانا و واتای ئەو شتەی مەبەستە ، دەبێ. بۆیە دەبینین کە گۆڕینی ئاسایی تێکستە جیهانیی‌یەکان لە ئەدەبیی و هونەریی و فەلسەفیی و زانست تەنیا کەسانێکی کەم هەن کە دوورنی‌یە بە پەنجەی دەست بژمێررێن، کە ئەو توانا پڕبەپڕ و تەواوەیان هەیە، کە بێ کەموکوڕی گۆڕینەکە بە ئەنجام بگەیێنن، بۆیە (کەم) پەراو هەن گۆڕینەکەی چاپکراون و دانسقەبن، بەڵام پەراوێکی زۆر هەن لە ژماردن نایەن گۆڕینەکەیان لەو جۆرە باشانە نین، ئەمەش یەکێکە لەو هۆیانەی زانستیی دەروونناسیی نوێ، دووپاتی گرنگی ئەوە بکاتەوە کە هەمیشە خوێندن و (خوێندنی باڵا) بەزمانی زگماکی بخوێندرێت، چونکە بە لایەنی کەمەوە ئەو خوێندنە بەو زمانە، ئاسانیی مان بۆ مسۆگەر دەکات لەگەڵ خێرایی تێگەیشتن و قۆستنەوەی و

هەولێرنامەی کتێب

ووردەکاریی لە وەرگرتن و گواستنەوەی ئەو زانیاریی یانەی بۆ مێشکی خوێنەر، بۆیە دەتوانین لێرە دووپاتی ئەوە بکەینەوە کە خوێندن بە زمانی زگماك و بە تایبەت لەو قۆناغەدا (خوێندنی باڵا) کارێکی تەنیا دەروونی سۆز نییە، بەڵکو کارێکی باسخوازیی و بابەتیی و زانستیی یە.

خۆ ئەگەر ئەم کارەش پڕ بە پڕ زانستییش نەبێ و زانستیی دەروونناسییش دووپاتی ئەوەی نەکردبێتەوە، ئەی بۆچی لە ڕوویەکی سروشتیی و ویژدانیی و مرۆڤایەتیی یەوە ئەم مافە ڕەوا نەبێ و بۆچی پێشێل بکرێت، منداڵێکی کورد ئەو مافەی لێ زەوتبکرێت و زمانێکی تری بە تۆبزیی و زۆرداریی بە سەردا بسەپێنرێ؟!

کەواتە (خوێندن بە زمانی زگماك) مانایەکی نەتەوەیی و میللیی دەگەیێنێت و تێرکردن و خۆراکێکی گیانی ڕەسەنی میللەتە و ئینتمایەکە بۆ ئەو میللەتە خاوەن مافە لە ڕوویەکی کۆمەڵایەتیی یەوە، گەشاندنەوەیەکی یەکێتیی نیشتمانیی یە و لەڕوویەکی زانستییشەوە: ڕەواندنەوەی گیروگرفتە و بڵاوبوونەوەیەك و تەشەنەکردنی زانستە بە زمانی کوردیی مان و خولقاندنی بیر و زمانێکی بیر و زمانێکی زانستیی کوردیی یە و دەرگا کردنەوەیەکە لە بەردەم نەوەکان مان دا کە هەوڵی تازەکردنەوە و داهێنان بدەن، بە مانای ئەوەی کە میللەتی

ئێمەش وەك میللەتـان تەنیا هەر ئەوە نابن کە کەرەسە و بەروبۆمی خەڵکی میللەتانی تر بگۆڕینە سەر زمانەکەمان و کەڵك لەوان وەرگرین. بەڵکو ئێمەش چاومان لەوەوەیە کە لە سەدەی زانست دا بژین و هاوبەشیی بکەین هەوڵی داهێنان بدەین و هاریکاریی لە شارستانیی دا بکەین، یان بە لایەنی کەمەوە خۆمان بەرەو گۆڕان و پێشکەوتن بەرین، چونکە گومانی تێدا نییە کە (مرۆڤ) دەژی و دەژێتەوە بە بوونی و خولقاویی دەوروبەری، ژینگە جەوێکی گونجاوی وا کە خۆی تیایدا وورریاتر بکاتەوە وتیایدا لێهاتوویی خۆی دەرببڕێ و توانای خۆی بسەلمێنێ و ووزەی مێشك و بازووی بخاتە گەڕ و هەنگاوی بە بەردەوام بەرەو پێشێوە بێوەستـان بنێ.

چونکە نابێ واتێبگەین کە شارستانێتی و پێشکەوتن هەمیشە شتێکە و دەبێ هەر لە دەرەوە بهێنرێن، بەڵکو ڕاستتر ئەوەیە کە تامی پێشکەوتن زیاتر لەوەدایە کە خۆت هاوبەشیی بکەیت لە دروستکردنی ئەندامانێکی بەکەڵك و زانا و نەوەیەکی نوێی پێشکەوتوو کە شارستانێتی لە نیشتمان دا بخولقێنن و بەرپرسیاری بن. بۆیە دەڵێین کە کاری (خوێندن بە کوردیی) لە زانکۆ و بەکوردییکردنی هەموو زانستەکـان هەمیشە هەنگاوێکی پێویستە بۆ ئەو مەبەستانەی سەرەوەمان و هەردەم ئامانج و هیوایـەکی نیشتمانیی و نەتەوەیی و

پەروەردەیی یە، چونکە میللەتی ئێمەش وەك هەر میللەتێکی دوور و نزیك پێوستی بە (لێکۆڵـەر و زانـا و پسپۆڕی) خۆی هەیە و پێویستی بە کۆمەڵ و نەوەیەکی کوردیی هەیە کە خاوەنی توانای خوێندنی باڵا بێ و بە زمانی خۆی زانست بخوێنێ و خاوەنی هۆکاری لێکۆڵینەوە بێ و بزانن چۆن بیردەکاتەوە و چۆن پەیدەبات بە هەموو ئەو شتانەی تا ئێستا لای وون و شاراوە بوون، بەڵکە واقعی خۆی زیاتر لا ڕوونبێتەوە و ئاسۆی پاشەڕۆژی وێنە بکێشێ و بە ووریایی و بە زانایی و پردانایی، هەموو شت هەڵسەنگێنێ و، ئەمانەش بێگومان، هەر لە ڕێی خۆشکردن و دەرگاکردنەوەی زانستە لە بەردەم نەتەوەکەمان و زمانەکەی دا.

جا لێرە هەست بەوە دەکەین کە (زمان) چەند گرینگە و چەند دەورێکی گەورە و باڵای هەیە لە دروستکردنی شارستانیی دا، چونکە ئەگەر زمان هەموو زانستیی پێ بنووسرێت ئەوە هەموو زانست وەك دەریایەکی ڕوونی بەرین دەخرێتە بەردەم ئەندامانی کۆمەڵ و نەك تەنیا ئەو (کۆمەڵە) خەڵکەی کە زمانی بێگانە دەزانن و ئەوانی لێی بێئاگـان.

ئەمە جگە لەوەی کە (زمان) هەمیشە هۆکارێکی گرنگە بۆ ڕەسەنکردنی ڕۆشنبیریی نەوەکانی داهاتوو و بنج داکوتانی سەرکەوتن و شارستانییەکی مسۆگەری پاشەڕۆژی نەوەکانمان.

هەواڵنامەی کتێب

بەشی دووەم
هەندێك سەرنج و كاری چەسپاو

هەندێك سەرنج و كاری چەسپاو، كە لەم ڕووەوە نابێ لە بیرمان بچێت وەك :

١- (خوێندن بە زمانی دیكە) هەمیشە دوورخستنەوەی زمانەكەمانە لە زانستەكان و لە كاروانی پێشكەوتنەوە، هەمیشە لە گەشە كردن و تازە بوونەوە دوورمان دەخاتەوە و بەو پێیەش كۆت و زنجیرێك دەكرێتەوە پێمان كە هەرگیز بە كاروانی پێشكەوتن نەگەین و لە ژیانێكی سەرەتاییدا بێین و بچین !!

٢- (نەخوێندن بە زمانی كوردیی)، یان هەر میللەت و نەتەوەیەك بە زمانی خۆی نەخوێنێ ، بریتییە لە جۆرە (سەرلێشێواندنێكی نەوەكان) و بە تایبەت قوتابی و خوێندكارەكانی و لە مێشكیان دا دەچەسپێت كە (زمانەكەیان هەرگیز شیاو و گونجاو یان بڵێین شایانی ئەوە نییە پێی بخوێندرێت و ناشێت ئەو زمانە ببێتە هۆكارێكی لێكۆڵینەوە و باسپێكردنی زانستیی و بیرپێكردنەوەیان لە هەر بوارێك دا بێ!! ئەو سەرلێشێواندنەش بە ڕۆڵی خۆی دەبێتە هۆی كزبوون و ووشكبوونەوەی تەڕایی پەیوەندی ڕۆحیی و ڕۆشنبیریی بە كەلەپوور و ڕەسەنی ئەو میللەتە و هەمیشە

ئەو هەستە پەردەیەکی ڕەش و چڵکن دەخاتە نێو ئەمـان و ڕۆشنبیریی نەتەوەکەیانەوە.

٣ـ کەواتە بە کوردیی نووسین لە هەموو بوارەکانی زانستدا و لێکۆڵینەوە و باسکردن و خوێندنی باڵا بەم زمانە هەمیشە بۆ زۆربەیەکی زۆری خەڵکی ڕێ خۆش دەکات، چونکە ئەوسا بەگشتی خەڵکی ئەو پەراو و باسە زانستیی یانە دەقۆزنەوە و هەریەك لە بواری خۆیدا کەڵك یان لێوەردەگرێت، بۆ نموونە ئەگەر بە زمانی کوردیی پەراوی زانستیی مان هەبن، بە گشتی هەموو ڕۆشنبیران و کرێکارە لێهاتووە شارەزاکانی بواری پیشەسازیی و کشتوکاڵ و بەڕێوەبەران و هەڵسوڕێنەران و خاوەن کـارگـە و بەرژەوەندییەکـان و دامەزراوەکـان یان، هەمیشە ئەو پەراو و باسە زانستیی یانەی زانکۆکان بە زمانی کوردیی چاپی دەکەن، ئەوان بە پەرۆشەوە دەیخوێننـەوە و کەڵك لە واتـا زانستیی یەکـان وەردەگرن و تێکەڵ بە ژیانی ڕۆژانـەیـان دەکەن.

خاوەن کێڵگە کشتوکاڵیی یەکان و کێڵگەکانی پەروەردەی مریشك و هەموو بوارەکانی ئـابووری و چالاکی یە هەمە جۆرەکانی ژیانی ئابووری، تێکڕا پەنا دەبەنە بەر ئەو باسە زانکۆیی یانە و ئەو پەراوە زانستیی یانـە.

سەبارەت بەم مەسەلەیەی سەرەوە کە دووپاتکردنەوەی ئەوەیە کە بە زمانی زگماکی (کوردیی) بخوێنرێت و بە تایبەت لە

قۆناغی (خوێندنی باڵا)، بەش بە حاڵی ڕۆژان و قۆناغی ئەمڕۆمان‌دا ئەو ڕووداوە مێژووییی‌یەی (ژاپۆن)دەخەینە بەرچاو کە (ئەزموندار و شارەزاکانی پیشەسازیی کردنی ژاپۆن دانیان بەوە داناوە) کە ئەوەی یارمەتی ژاپۆنی دا، کە پیشەسازیی ژاپۆن بگەیێنێتە ئەوپەڕی لوتکەی پێشکەوتن و ئەو سەرکەوتنە تەکنۆلۆژیی یە لە وولاتی ژاپۆن دا بەدەستبێت و لە تەنیا (نیوسەدە)دا ئەو ئامانجە بهێنێتە دی ئەوە بوو کە ئەوان تازە و نوێترین بیردۆزیی جێبەجێکردنی تیۆری(تەطبیقی) پیشەسازیی ئەمریکی و ئەورووپیی یان بە (زمانی ژاپۆنی) خستە بەردەم کرێکار و هونەرمەندان و تەکنیکاری شارەزا و پیشەسازیی یەکانی خۆیان و ئەوانیش کەڵک یان لەم کارە تەواو وەرگرت و توانیان لەو تیۆرانە بکۆڵنەوە و داهێنانی تازە و نوێ یان بهاوێژنە سەر وولاتی خۆیان ئەو سەرکەوتنە مەزنە بە ئەنجام بێنن و هەر سەبارەت بەم خاڵەوە بڕیاری (ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان) دەخەینەوە یادمان کە لە زووەوە ئەوەی پێشنیاز کردووە (کە زانستی پزیشکیی بە زمانی نەتەوەیی بخوێنرێت).

ئایا کاتێ دەڵێین کە هەموو زانست بکەین بە کوردیی و بە زمانێکی زانستیی بە خوێندکاران مان بخوێنین ؟!

مەبەست لەوەیە کە خۆمان لە زمانە دروانسێ و بێگانەکان بدزینەوە و بێبایەخ سەیریان بکەین؟ یان بە پێچەوانەوە دەبێ لەگەڵ ئەوەش‌دا هەوڵی تەواو فێر بوونی ئەو زمانانە بدەین؟!

لە وەڵام دا دەڵێین کە :

بەلانی کەمەوە دەبێ سەر بکەینە سەر (زمانێکی زیندوو) و گرنگ وەك سەرچاوەیەکی ئەو زانستانە و بۆ هەمان مەبەست بایەخیش بدەین بە زمانە دراوسێیەکانیش و بۆ دەوڵەمەن کردنی زمانەکەمان !!

دەبێت ئەو زمانە سەرەکیی‌یە بێگانەیەی هەڵدەبژێردرێ ـ با بڵێین و سەبارەت بە وولاتی ئێمەوە تا ڕادەیەك هەردەبێ "زمانی ئینگلیزیی" سەرچاوە بێ و لە زانکۆکان دا و لە هەموو قۆناغەکان‌دا بەردەوام بخوێندرێت، کە واتە هەموو دان بەوە دادەنێین کە ئەمڕۆ مەسەلەی (بە کوردیی کردنی زانست) پێویستی‌یەکی پەروەردەیی و ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتیی و نەتەوەیی‌یە و ئەرکێکی سەرشانی ئەمڕۆمانە، کە پێویستە بە پێی ڕامیاریی و ستراتیجی‌یەکی تایبەتی بۆ مەسەلەکە بچین و نەخشە و پلانێکی ڕێکوپێك ، داری دەستمان بێ تا بە هەڵەدا نەچین و کات بە فیرۆ نەدەین و بە بێ دواکەوتن لە خزمەتی مەسەلەکەدا بین.

هەوڵنامەی کتێب

بەشی سێیەم
پێداویستییە سەرەکییەکانی
پڕۆژەی بەکوردییکردنی بوارەکانی زانست و زانیاریی و خوێندنی باڵا

بێگومان بۆ مەبەستی باسکردنی مەسەلەی بە کوردیی خوێندن لە قوتابخانەکانی کوردستان دا یان (نووسین بە کوردیی) و سازکردنی کاروبـار و مامەڵەکردنی خەڵکی لە فەرمانگەکانی ئەم وولاتەمان دا کاروباری ناوخۆ هەڵسوڕاندن پێویستە هەمیشە :

چاوێك بخشێنینەوە بەو یاسایانەی لە ساڵەکانی پاش ١٩٢٠ ـەوە دەرچوون کە بە پێی ئەو یاسایانە ڕێدراوە کە لە وولاتی عێراقدا بە کوردیی بخوێندرێت و بە کوردیی لەو فەرمانگەیانەدا بنووسرێت و زمانی ڕەسمیی ئەو ناوچەیە بێ، کە زمانی زگماکیی تێکڕای خەڵکییە، هەرچەندە کە ئەو یاسایانە زۆر کاریـان پێنەکراوە و بەڵکوو هەر ساڵـەی بە جۆرێك بووە و هەر قۆناغ و زەمانێك میریی بە ئارەزووی خۆی و بە پێی دەستڕۆیشتنی ڕامیاریی و سوپای خۆی ئاوەکەی لە میللەتەکەمان لێڵکردووە بە تۆبزیی و زۆرداریی خۆی ڕێی لە جێبەجێکردنی گرتووە و دەیان کۆسپ و تەگەرەی خستووەتە بـەر.

هەولێرەی کتێب

هەروەك لە بەشەكانی پێشووی ئەم باسەدا، دەستنیشانی ئەوەمان كرد كە هەمیشە دەبێ (زمانی كوردیی) بگەیەنرێتە ڕادە و ئاست و پایەیەكی وا كە ئەو زمانە بتوانێ (مەبەستەكان مان) بهێنێتە دی و ئەم مەبەستانەش مان لەم خاڵانە دا كۆدەكەینەوە :

یەكەم / زمانی كوردیی (بیری) پێبكرێتەوە و زانستی پێ بنووسرێتەوە :

واتە زمانی كوردیی هێندە دەوڵەمەند بووبێ بە (زاراوە و دەربڕین) كە مرۆڤی كورد لە توانای دا بێ بە ئاسانی وەك هەر زمانێكیتر بیری پێبكاتەوە و بچێتە قوڵایی باسكردن و لێكۆڵینەوە و شان بە شانی كاروانی زانست و زانستیی نوێ بڕوات و بەو پێیە ببێتە زمانێكی (لێكۆڵینەوە) و (خوێندن)

ئێمە لێرەدا شتێك دڵی خۆمان بەوە خۆشدەكەین كە بەلایەنی كەمەوە لە ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٤ـەوە دڵسۆزانی كورد و شارەزایانی پەروەردە و زانست و بە تایبەت دەستەی مامۆستایانی كوردستان هەریەك لە بواری خۆیدا هاوبەشیی كردووە لە دانانی بەردی بناغەی بە كوردیی خوێندن و پەراوەكانی قۆناغی ناوەندیی و ئامادەیی یان لە عەرەبییەوە گۆڕیوەتە سەر زمانی كوردیی و جۆرە سەركەوتنێكی چاكیان

لەو ڕووەوە بە دەستهێنا بوو، بەڵام ئەوەمان لە بیر نەچێ کە لە ساڵانی ١٩٧٨ و بە دواوە ئیتر میریی کەوتە ئەوەی کە ئەو (زاراوە زانستیی یانەی) کەوتبوونە زمانەکەمانەوە قەڵاچۆیان بکات وە هەرچی (بۆنی) زانستیی و نزیك لە زاراوەکانی جیهانەوە بێ لایان بەرێت، تا تەنانەت لەو چەند زاراوانەش بێئاگا بین و لە کاروانی زانستەوە بێخەبەر بین !!

جا ئەگەر ئەو قۆناغە سەرەکیی یە لەو ساڵانەوە دەستی پێکردبێ و ئەو مامۆستایانەی لە (قۆناغی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی) کاریان تێیاکردووە شارەزاییی‌یەکی تەواویان تێیا پەیداکردبێ و بێگومان ئێستا ئەوان بەئاگان لە هەموو کون و کەلەبەرێکی ناتەواوی ئەو قۆناغە و دروستکردنی لیژنەی تایبەتیی هەر لەوان بۆ پێیاچوونەوە و زیادکردنی زانست و کەرەسەی پێویستیتر کە هەمیشە لە گەڵ کاروانی زانستی نوێی ئەمڕۆدا بگونجێت، ئەوا دەڵێین کە ئەم کارە مسۆگەری پتەوی ئەو قۆناغەمان بۆ بە ئەنجام دێنێ.

قۆناغی دووەمیش کە ئێمە لێرەدا ئەمەیمان زیاتر لا مەبەستە، قۆناغی (بە کوردییکردنی زانستەکان و خوێندن بە کوردییە لە زانکۆدا)، کە ئەم (بەش و لایەنە یان) هەمیشە لە سەر ئاستێکی باڵاترە و گشت زانستەکان دەگرێتەوە، واتە

گرنگی‌یەكی زۆر تایبەتییتری دەبێ، چونكە قۆناغەكە قۆناغێكی ئاسان نی‌یە و پێویستی بە شارەزایان و پسپۆڕی تایبەتی ئەم بوارانە دەبێت و لە (هێندێك) لەو بوارانەدا ئەشێ ئەوەندە تایبەتمەندمان نەبێ بەو كارە هەڵستێت، بەڵام بێگومان پشتبەستن بە نەخشە وپلانێكی چنراو و زانایانەی سفت و ڕێگا بۆ دانـان بۆ هەر هەنگاوێك، ئەنجامێكی باش و سەر كەوتوو بە مەسەلەكـە دەبەخشێت.

بەهەرحاڵ پـڕۆژەكە كارێكی پیرۆزە و دەبێ هەنگاوی شارەزایانە و لێهاتوانەی بۆ بنرێت و میللەتی كورد ئەمڕۆ لە توانا و ووزەی‌دایە و دەبێ كە سەركەوتووانە بەرەوپیری بچێ و بێگومان بێت لەو مەسەلەیە دا و هەرگیز نابێ كەسێك یەك و دووی لێ‌بكات و بەڵكوو بە پێچەوانەوە دەبێ هەركەس لە شوێنی خۆیەوە هاوبەشیی بكات و تەوژم بە ڕەوڕەوەی بدات و كەسانیتر لە مەسەلەكە سارد نەكاتەوە چونكە كاروانێكی درێژ خایەنە و دەیـان ساڵی دەوێت.

بۆ ئەو مەسەلەیە یان ئەو پرۆژە میللی‌یە ئەم چەند خاڵانـە دەبێ ڕەچـاو بكرێت :

١ـ داننان بە پێویستیی ئەم پرۆژە گەورەیە و بڕیار دەركردن لە لایەن سەركردایەتیی ڕامیاریی میللەتەوە تا (بانگ) بدرێت

بە پیرۆزیی ئەم کارە و دەستبکرێت بە هەنگاوی یەکەم و بەردی بناغەی بۆ دابنرێت.

٢ـ دروستکردنی (دامودەزگایەك) و دەرکردنی یاسای پێویست، بۆ مەبەستی ڕێکخستنی کاروبار و تەوژمدان بە کارەکە و هاندانی کارکەرانی لە هەموو ڕوویەکی مەعنەویی و ماددی و ڕێگای کارکردن و بەرهەمهێنانی نووسینیان بۆ خۆشبکرێت و بە هەموو شێوەیەك هانبدرێن.

٣ـ دەستکردن بە دانانی (لێژنەی تایبەتمەندی) هەر زانستێك بە تەنیا یان چەند زانستێکی لەیەکەوە نزیک و ڕێکخستنی کاروباری ئەو لێژنانەش وەك :

هەوالنامەی کتێب

أـ لێژنەی زانستە (مرۆڤایەتیی)یەکان Social Sciences

زانستە کۆمەڵایەتیییەکان لە جوگرافیا و مێژوو، ئابووریی و ئەدەب و ویژە و ڕامیاریی و یاسا و ئەوانیتر و ئەو لقانەی کە بەم کۆمەڵە زانستانەوە لکاون.

ب ـ لێژنەی زانستی (زمانەوانیی) Linguistcs

ج ـ لێژنەی زانستە (پراکتیکەکان) Practical Sciences

وەك زانستی پزیشکیی و زانستی ئەندازیاریی کە بەو زانستانەوە لکاون.

د ـ لێژنەی زانستە (پێوەرەکان)

وەك زانستی کیمیـا و فیزیک و ماتماتیک...هتد و هەر لێژنەیەکی سەرەکیی چەندین لێژنەی تایبەتمەندی لقی پێوەدەلکێ و هەر لێژنەیەکیـان (بەرنـامەی کـار) دادەنێن و کۆبوونەوەی بەردەوامیـان دەبێ لە سەر ئەوەی بە ئەنجامیان هێناوە و هەنگاو بە دوای هەنگاو پرسینەوە و بەدوواچوون دەبێ هەبێ و ئەو دامو دەزگایەی بە پێی یاسایەك دادەمەزرێ (خاڵی دوو) بەرنامەیەکی کاری تایبەتی خۆی دەبێ، کە ئەو یاسایە بۆی نەخشەکێشاوە، بەرپرسیاری ئەو لێژنانە دەبێ و کاریـان هەڵدەسوڕێنێ چ لە ڕووی (یاسایی، هونەریی و دارایی و... هتد).

٤ـ کۆڕی زانیاریی کورد یان کۆڕی زانیاریی کوردستان، پاش ئەوەی دادەمەزرێتەوە و ئەندامانی چالاك و لێهاتوو دەگرێتە خۆی ، بۆ چەسپکردنی زاراوەکـان و تەشەنە پێدانی ئەو زاراوانە و خولقاندنی زاراوەی نوێتـر دەورێکی باڵای دەبێ.

٥ـ خێـرا کـردن لە خولقاندنی (ڕێنووسێك)ی کوردیی (پێش دەستکردن) بە گۆڕینی زانست بۆ زمانەکەمان بێگومان دەبێ مەسەلەی (شێوە زمانەکان، شێوە زمانی ناوچەیی) ڕەچاو

هەواڵنامەی کتێب

بكرێت و بیر لەو (زمانە زانستیی)یە بكرێتەوە كە لەگەڵ ئەو شێوە زمانەدا دەگونجێت كە لە زمانەكەمان دا هەن.

٦- ئەگەر (زانكۆی سلێمانی) دانرایەوە لە ژێر هەر ناوێك دا بێ، ئەوا دەبێت ئەم زانكۆیە ببێتە بەردی بناغەی بە كوردیی كردنەكانی زانست و، ئەوسا لە ڕووی دارایی‌یەوە دەبێت زانكۆ توانای دارایی‌یەكی زیاتری بۆ دابنرێ بۆ ئەو مەبەستە و دەبێت (زانكـۆ) پەراوێكی زۆری پێویست بە زمانە بێگانەكان - بكڕێت لە دەرەوەی وولات و گۆڤار و بڵاوكراوە و باسی زانستیی بۆ كتێبخانـە زانستیی‌یەكانی بهێنێ، تا یارمەتی ئەوەی بدات كە ئەو پەراوانەی پێویستن تیایاندا هەڵبژێرێن بۆ گۆڕینی بۆ كوردیی یان وەك (سەرچاوە) بەكاربهێنرێت لە كاروانی زانستەكان.

٧- بۆ مەبەستی هێنـانە دی ئەم هیوا و ئاواتەی خوازتوومانە، هەمیشە (دامەزراندنی دامودەزگایەكی هونەریی نوێی چاپەمەنیی) یە، تا مەسـەلەی (چاپ) كە ئەمڕۆ گەورەترین كۆسپە لەبەردەم نووسینی كوردیی دا - چارەسەربكرێت، كە هیچ ئامادەبوون و نووسینێكی كوردیی تاریكی شەوی بەسەردا نەیەت !

٨- پێویستە (مەڵبەندێكی كەلەپوور و كەلتووری كوردیی) دابمەزرێ و دارایی پێویستی بۆ دابنرێ تا ڕەسەنیی كوردستان

لەو ڕووەوە بپارێزرێت و ئەو شاراوە دێرینانە پەردەیان لە سەر هەڵبدرێتەوە و دەستوپەنجەی باو و باپیران مان بە ئازادیی گەلی کوردمان شاد بێتـەوە.

٩- سەبارەت بە خاڵی (٨)ـەوە ئەگەر زانکۆی سلێمانی دانرایەوە باشتر وایە ئەو مەڵبەندەی ناومان برد بە (زانکۆ)ـەوە بلکێ و کەڵك لە شارەزایـان و پسپۆڕەکانی ئەو زانکۆیە وەربگیرێ.

١٠- دەبێ (پەیوەندییەکی توند و ئامانجێکی یەکمەبەست) ئەو (دام ودەزگا) و (کۆڕی زانیاریی) و (مەڵبەندە زانستیی) و (هونەریی و کەلتووریی) یانە بەیەکەوە ببەستێ، چونکە هەموویان بۆ یەك ئامانج و مەبەستی (زانستیی و نەتەوەیین).

١١- ئەگەر هاتوو دەرامەتێکی باش لە لایەن میریی یا سەرچاوەکانی دارایی و بودجێتی کوردستانەوە یان مەڵبەند و دام و دەزگایەك یان (زانکۆ) وە بەدەستنەهاتن، ئـەوا نـابێ (بێپارەیی) و (بێدەرامەتیی) پرۆژەکە بوەستێنێ و ئەو هەنگاوە پیرۆزەی خۆمان دواخەین و دەبێ هەوڵی پەیداکردنی دەرامەت و سەرچاوەی دارایی بدەین، جا لێرە لە ڕێگای دروستکردنی (سندوقێکی میللی جەماوەریی) هاوزمانانەوە بێ، لە سەر ئاستی خەڵکی شـار و گوند و گەلەکۆمـەکیی بۆ بکرێ و پارە

کۆبکرێتەوە، بۆ ئەو مەبەستەی سەرەوە و بە هۆی یەکێك یان زیاتر لەم هۆ و ڕێیانەی خوارەوە :

١. بەخشین (تەبەروعات) بە ئارەزووی خەڵکی خۆی بە پێی پسوڵەی ڕەسمیی و لەژێر چاوەدێریی و بەڕێوەبردنیی لێژنەیەکی هەڵبژێراو و ناسراوان بە دەستپاکیی !

٢. هاوبەشیی ڕێکخراوە پیشەیی‌یەکان و میلليی و پارتە ڕامیاریی‌یەکان لە پارەدان دا، یان پارە کۆکرێتەوە لە نێو ڕیزەکانیان دا.

٣. هەموو موچەخۆر و قوتابی و خوێندکارێك بە ئارەزووی خۆی مانگی (بەپێی توانا بڕێك پارە) بدات بۆ ماوەی (٦) مانگ.

٤. هەرخێزانێك جیاجیا، یان بەسەریەکەوە بۆ ماوەی (٦) مانگ ، مانگی (بەپێی توانا بڕێك پارە) بدات.

٥. پێشبڕکێکردنی وەرزشی لە نێو تیپە وەرزشیی‌یەکانی کوردستان دا و دانانی ڕێژەیەک بۆ ئەو سندووقە.

٦. کارگەکان و بەتایبەت کارگە تایبەتیی یەکان و بوارە بازرگانیی‌یەکان و بازرگانەکان و کاسبکارانی ناو وڵات هاوبەشیی میللی خۆیان لەم ڕووەوە بکەن، پاڵپشتی (پڕۆژەکە) بکەن.

٠٧ دەرکردنی بڵاوکراوەی (سەردیوار) و نامیلکە و لە ڕێی ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن هەمیشە هانی خەڵکی بدرێت بۆ هاوبەشییکردنی دارایی لەو پـڕۆژەیە دا.

٠٨ ئەگەر توانای هەبێ هیچ خراپ نی‌یە کە (بلیتی یا نصیب) هەفتانە یان مانگانە بۆ ئەو مەبەستە بکرێت و چی (لا) درا لەو پارەیە بخرێتە سندووقی پڕۆژەکەوە.

٠٩ چەندین پێشنیازی تر بۆ خزمەتی پڕۆژەکە، کە بە بیری "کەسـان و لایـەنی" تردا دێت.

دووەم /

کارگێـڕان و کارکەران و هەڵسوڕێنەرانی ئەم پڕۆژەیە :

بۆ ئەم پێداویستیی‌یە، واتـە مەسەلـەی ئەو پسپۆڕ و کادیرانـەی لەم ڕووەوە کاردەکەن، بێگومان پشتی یەکەم دەبەسترێ بەو مامۆستایانەی لە زانکۆکاندا کاردەکەن و بە تایبەت بە وانەی پسپۆڕن لەو مادەیەی خویان دا و زمانە کوردیی‌یەکەشیان لە تەکیا باشە و لەوەو پێش باس و پەروای زانستیی‌یان پێنووسیوە و پاش ئەمان ئەو مامۆستایانەی لە قۆناغی ئامادەیی مامۆستان و ئەزمۆن و تاقیکردنەوەی ڕۆژانـەی دوور و درێژی زۆریان لە بواری خوێندندا هەیە

هەواڵنامەی کتێب

و سەربارى ئەمانەش پاڵپشتى بە هەندێك لەو ئەديب و نووسەرانەى لە دەرەوەى بوارى (پەروەردە و خوێندنى باڵا)ن كە ئەو كارەيان لە تواناداهەيە و ئەشێ لێ يان هەڵبژێررێ بۆ يارمەتيى دان و كاركردن بە پێى شارەزايى و توانا و لێهاتوويى يان بەو پێيانە و لە دەستە و كۆمەڵانەى سەرەوە لێژنەى هەر بوار و زانستێك دروستدەكرێت و بەرنامەى كارى بۆ دادەنرێ.

لێرەدا دەڵێين كە ئەگەر پێويستيشى كرد ئەوا باشتريش وايە، دەورەى زمانەوانيى كورديى و ڕێنووس بۆ ئەو مامۆستايانەى تەواو شارەزايى‌يان نى‌يە لە كورديى نووسينەكەدا، لەو دەورەيەدا ئەو گيروگرفتە شمان بۆ ئاسان بكرێت.

سەبارەت بە خولقاندنى ئەو كادێرانە لەم دەستە و لێژنانەدا كاردەكەن و بۆ ئەوەى شارەزايى يان زياتر تيا بخولقێ و بۆ ئەو مەبەستە دروستبن، دەبێ ساڵ بە دواى ساڵ دا ئەندامى كارامە و لێهاتوو بخولقێنرێن تا شايانى ئەو كارە پيرۆزە بن و بە لايەنى كەمەوە بۆ ئەو خولقاندنە دەبێت ئەم سەرنجانە بخەينە بەرچاو :

أ- دەبێت خۆشەويستييەكى زۆر زياتر سەبارەت بە زمانەكەمانەوە لە نێو دڵ و گيان و مێشكى هەموو ئەندامێكى كۆمەڵ دا بچەسپێنرێت و لە دەروون مان دا شوێنى خۆى زياتر

بکاتەوە تا بەو پێیە لە ئەنجامی خۆشەویستیی زمانەکەمان زیاتر هەوڵبدەین و زیاتر کار بکەین.

ب ـ کردنەوەی بەشی تایبەتی بە (زانستی زمان و زمانەوانیی) و هێنانی تاقیگەی نوێ و پێشکەوتوو بۆ ئەم بەشە و هەمیشە کەڵك وەرگرتن لەو شێوازە نوێیانەی لەم ڕووەوە میللەتان پێی گەیشتوون.

ج ـ هاندانی ئەو کادیر و کارگێڕ و کارکەرانەی لە لێژنەکاندا، کاردەکەن و سەرپەرەشتی پڕۆژەکە دەکەن، هەروەها بە پێی پێویست بنێررێنە دەرەوەی وولات بۆ بینین و چاوگێڕان بە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان دا و کەڵك لە شێوە و شێوازی ئەوان وەربگرن و لە گەڵ بار و زرووف و ڕادەی ڕۆشنبیریی وولاتی خۆمان دا بگونجێن.

د ـ ئەوانەی لە بواری وەرگێڕانی زانستدا کاردەکەن، ئەوپەڕی پاداشتی مادییان پێ ببەخشرێن وە هانبدرێن کە زیاتر بەرهەم و زانست بە زمانەکەیان ببەخشن و بەو پێیە هەموو بار و زرووفیکیان بۆ بڕەخسێ.

هـ ـ باس و نووسینی زانستیی و پەراو (گۆڕینی زانستیی) هەمیشە بۆ مەبەستی (بردنە پێش تەرقییە ی زانستیی) بخرێنە گەڕ و بۆ

پێشکەوتنی پیشەیی یان لە قەڵەمبدرێت و لێرە مەبەست لەو کادیرانەیە کە لە (کۆڕی زانکۆ) دا ئیش دەکەن.

و ـ بەستنی کۆڕ و سیمینـار و کۆنگرەی تایبەتی سەبارەت بە کاروانی (بە کوردییکردن بە گشتی) و گرتنی کۆنگرە لە بوار و لقەکانی زانست و لێژنە تایبەتیی یەکانی ئەو زانستانەدا یان گرتنی کۆنگرە بۆ هەر بوارێکی سەرەکیی و لە یەکەوە نزیك بە جیا و لێدوان لە کێشەکانی و دۆزینەوەی چارەکردنەکانیـان.

ز ـ هەمیشە دەبێ لیستەیەك بە ناوی ئەو کارگێـڕ و کادیرە زانستیی و پسپۆڕ و شارەزایانەی کە لە مەڵبەندە زانستییەکان و زانکۆکان دا کاردەکەن دەستنیشان بکرێت و ساڵ بە دوای ساڵ دا هەوڵی خولقاندنی کادیری نوێ و لێهاتوو بدەن تا کاروانەکە، نەوەستاوبێ و هەموو نەوەکانی ئەم میللەتە هاوبەش بن لەم کارەدا و ڕۆژ بە ڕۆژ شتی نوێ بهاوێژنـە دەریـای زمانەکەمانەوە واتە نێو (زمانە زانستییە) نوێکەی کوردیی مان.

پێداویستیی سێیەمی پڕۆژەکە

(سەرچاوەی زانستیی و زاراوەکان) ـە :

گومانی تێدا نی‌یە، کە کتێبخانەی ئێمە زۆر زۆر لە ڕووی بوونی پەراو و کتێبی هەمە جۆری زانستیی‌یەوە تەنانەت بە زمانی عەرەبیش ئەوەندە کتێب و پەراوی زانستیی‌مان نی‌یە لەو کتێبخانانەدا دانرابن. جگە لە کەمێك نەبێ، کە ئەویش بە ڕێکەوت خۆیان کردووە بە کتێبخانەکان مان دا یان یەکێك خێرێکی پێکردبین، چونکە میریی هێندە گرنگی نەداوە بە کڕینی کتێب و پەراوی زانستیی نوێ و هەرگیز پارەیەکی وا پێویستی تەرخان نەکردووە کە ئاستێکی ڕێکوپێك بۆ کتێبخانەکە پێکبهێنێ و دەوڵەمەندیان بکات و بەڵکوو هەروا بە هەژاریی هێشتوونیەوە و خۆ ئەگەر چاوێك بگێڕین بە پەراوی زانستیی بە زمانی کوردیی، ئەوە ئیتر بە جارێك لە چەند کتێبی کوردیی زانستیی شتی دیکە بەرچاو ناکەوێت و ژمارەشیان چەند زۆربن لە (دە) پەراو تێپەڕنابن. دوور نی‌یە پەراوێکی زانستیی لە بواری ئابووریی‌دا و پەراوێك لە فیزیك و پەراوێك لە دەروونناسیی و دانەیەك لە کۆمەڵناسیی و یاسا و مێژوو و یەکێکی کە لە بواری زاراوەکان دا(هەبێ)، هۆی ئەمانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی (نەك ئەوەی) کە شارەزایان

و نووسەرانی کورد لە زانستدا نانووسن و بێئاگان، بەڵکوو دەگەڕێتەوە بۆ دەستکورتیی و بێدەرامەتیی نووسەر و زانای کورد و زۆر کزی یارمەتییدانیـان لە لایەن دەستە و دائیرەکانی میرییەوە، خۆ ئەگەر بەرهەمێکی قەشەنگی زانستییش لە یەکێك لە بوارە گرنگەکانیش دا بخرایەتە بەر چاوی "ئەمانەتی ڕۆشنبیریی و لاوانی لەمەڕ حوکمی زاتیی‌یە شکستەکەی سەر بە میریی" ، ئەوە وەڵامەکەیان ئەوە دەبوو کە ئەوان بەرهەمی زانستیی چاپ ناکەن و ئەو کارە زانستیی‌یە بەوان نەسپێراوە و پارەیان نی‌یە ....!!

ئەی باشە دەبێت نووسەری کورد ڕووی خۆی بکاتە کوێ؟ بەڵام گەر دوو نامیلکەی (ووڕێنە و جوونەوە و پیاهەڵدان) بنووسرایەتەوە ئەوا لە شەو و ڕۆژێکدا بە ژمارەیەکی زۆر بۆی چاپ دەکرا و ناوی ئەو نامیلکە شەست پەڕەیی‌یە دەخرایە سەر زنجیرەیەك لەو جۆرە نامیلکە و و کتێبانە و ئاگری پڕوپاگەندەیان بۆ میریی پێخۆشدەکرد و گۆیا هەموو مافەکانی کوردیان هێناوەتە دی و هیچ شتێك لە ئارادا نەماوە کە شوێنی نارەزایی بێت!! کەواتە تا ئێستا ئێمە خاوەنی هیچ کتێبێکی زانستیی نین بە زمانی کوردیی خرابێتە بەردەم هەموو خوێنەرانی کوردمان * و هۆیەکانیش لای هەموومان

دیارە و هیچ شاراوە نیـیە و بەو پێـیەی کە ئێمە هیچ کتێب و پەراوی زانستیی‌مـان نەبێ، دەبێت کە هیچ سەر چاوەیەکی زانستییش مان بەم زمانە نەبێ!! جا بێگومان گەر مەواد و کەرەسەی خوێندن و نووسن و تەرجەمەکراومان نەبێت کە خوێنەران پشتی پێببەستن لە نووسینی باسێك بە کوردیی و هاندان و زەمینەیەك نەبێ ئەو مەودایەی بۆ خۆشبکات ئەوە هەرگیز (نووسینی زانستیی کوردییش) ناخولقێ و هەمیشە خوێنەر و نەوەکانمان دوور دەبن لەو زاراوە زانستیانە کە بە لایەنی کەمەوە ساڵی بیست‌هەزار (٢٠٠٠٠) زاراوەی (نوێ) لە زمانی زانستیی جیهان دا دروستدەبن و ئێمە ئەوسا لە وانە بەدەر دەبین و هەمیشە بێئاگـا دەبین !!

خۆ ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەر (گۆڤارە زانستیی‌یەکان) و ئەو (بڵاوکراوانەی بە زنجیر) دەردەچن.. یان (کورتکراوە) زانستیی‌یەکان، ئەمانە هەموو وەك سەرچاوەیەك بۆ خوێندن و باس و نوسین... ئەوە ئیتر زیاتر لە یەك دوو گۆڤار زیاترمان هەرگیز نەبووە و ئەوانەی بە شێوەیەك دەوریان تا ڕادەیەك دیوە، وەك گۆڤاری زانیاریی و گۆڤاری ڕۆشنبیریی نوێ‌یە باسی زانستیی تیا بڵاو بۆتەوە و گۆڤاری زانکۆ/ بەشی کوردیی یەکەی کە زانکۆی سلێمانی

دەریدەکرد و لەم دواییەش دا گۆڤاری تەندرووستیی ڕۆڵێکی خۆی دی!! ئیتر زیاتر لەمانە هیچیکەی وا شك نابەین لە ڕووی زانستییەوە بە سەرچاوەیەکی زانستیی کوردیی لە قەڵەمبدرێت. کەواتە ئەگەر ئێمە (پەراو و گۆڤاری زانستیی و باس و بڵاوکراوەی زانستییمان) نەبێ!! چۆن خوێندکارێك دەتوانێ زیاتر فێرببێت و بیر بکاتەوە و پاشان بەو پێیە بنووسێت و بتوانێ داهێنان بخولقێنێ و بەو پێیە هەنگاوەکانی گەیشتن بە میللەتانی جیهان کەمبکاتەوە و بە توزی پێیان دا بگات، واتە لە مەسەلەی بە (کوردیی کردنی زانست)دا خۆمان لە بەر دەم ئەم کێشە و گیروگرفتانەدا دەبینینەوە، دەبێت بێ یەک و دوو هەوڵی چارەسەرکردنیان بدەین و لەوانە:

١- کەمی (پەراوی زانستیی بێگانە لە هەموو بوارەکان)دا بەڵکو کڕین و هێنانی ئەو کتێبە زانستییە هەمە جۆرانە بۆ کتێبخانەکانی ئەو مەڵبەندە یان زانکۆ و ئەو دامودەزگایەی کە هەڵدەستێت بە کوردیی کردنی زانستەکان و لێژنەکانی بۆ مەبەستی بە کوردییکردنیان.

٢- هێنانی ئەو پەراوانەی لە زانکۆکانی وولاتان دەخوێندرێت ((Textbook))

٣- هێنانی گۆڤـاره زانستییەکـان.

٤- هێنانی باس و کورتکراوەکان، بە بە کـارهێنـانی کۆمپیوتەر و تە کنولوجیـای پێشکەوتووی سەردەم بۆ کۆکردنەوەی هەموو زانست و زانیاریی یـەك و گەڕانەوە بۆیـان لە کاتی پێویست.

٥- ئەو (زاراوانـە)ی لێژنەی تایبەتمەند بڕیاری لێدەدا بە لێژنەی پوختکردنەوەش دا بڕوات تا زیاتر دوور بخرێتەوە لە هەڵە و ناڕێکی و تا بەو پێیەش لە لایەن نووسەرانەوە بەکار بهێنرێت و لە خوێندنی باڵا و لە نووسین و وەرگێڕاندا بەباشی بەکـار بهێنرێت.

٦- لە هەمووی گرنگتر (زاراوە زانستییە جیهانییەکان) بە ووتە لاتینییەکەی واتە بە (ووتـە) کەی بەکار بهێنرتەوە لە زمانی کوردیی دا و بەو ووتنە بمێنێتەوە هەروەک چۆن زمانە زانستییەکانی جیهان وەریـان گرتووە و لە زمانی زانستدا بە کـاری دەهێنن.

٧- گۆڕینی کەلەپووری جیهانی بۆ زمانی کوردیی و ئامادەکردنی لیستەیەك بە ناونیشانی ئەو بەرهەمە قەشەنگانەی گەلانی سەر ڕووی زەمین چ کۆن و چ تازەیـان.

٨- بڵاوکردنەوە، واتە نووسینەوەی ئینسایکلۆپیدیای کوردیی لە هەموو بوارەکانی زانست دا.

٩- دەرکردنی فەرهەنگی زانستیی.

١٠- وەرگێڕانی ئەدەب و وێژە و مێژوو هەر بوارێکی دیکەی زمان و ڕەسەنی زمانی کوردیی مان بۆ زمانە بێگانەکان ....

١١- پەنابردنە بەر تەجروبەی میللەتانی دراوسێ ی دوور و نزیکمان لە ڕووی وەرگێڕانی زانست بۆ زمانەکەیان و ئەوان بە چ قۆناغ و هەنگاوێك دا هاتوون و ڕۆیشتوون.

١٢- بۆ زانینی ئەم سەرچاوانە هەمیشە پێویستە پەنا بەرینە بەر دووا تەکنەلۆژی ئاخنین و زانیاریی (کۆمپیوتەر) کە دووا زانیاریی مان دەداتێ، واتە دەبێ لەبەردەم مان دا بانقێکی زانیاریی هەبێت.

١٣- بێگومان زمانە دراوسێکانمان و بەتایبەت لە بواری وەرگێڕان دا تەجروبەیەکی باشیان هەیە و چاوێك بەو تاقیکردنەوانەی ئەوان دا بخشێنینەوە هەمیشە کەڵك وەردەگرین

١٤- ووڵاتەکانی (مەغریب و تونس) بۆ نموونە هەمیشە سەرچاوەیەکی باشن و سەبارەت بەم بابەتەوە کەڵکیان هەیە و

هەوراز ئامەی کتێب

دوور نىیه چەندین هەنگاومان بۆ ئاسان بكاتەوە و هەمان كەڵك وەربگیرێ لە میللەتـانی تر.

١٥ـ گومانم لەوەدا نىیە كە شارەزایان و ڕۆشنبیرانی گەلەكەمان چەندین بیروڕای دڵسۆزانە و پەنگخواردوویان لە بیر و هۆش دایە، ئەشێ ئەوانیش ئەو بیـر و ڕا و بۆچوونانەی خۆیان بهاوێژنە سەر ئەم پڕۆژەیە و لە ئەنجامدا هەموو پێكەوە بەیەك دڵ و یەك هەستەوە بە پەرۆش بە پیركارەكەوە بێن و هێندە تەوژم بدرێت بەرەو ڕووی ئەم فرمانەوە كە هەرگیز هیچ هێزێك نەتوانێ بەرەنگاری بوەستێتەوە بێجگە لە پەراوی خوێندنی قوتابخانەكانی قۆناغی سەرەتایی، ناوەندیی و ئامادەیی نەبێ كە زۆریان ڕێ نەدراوە بە زمانێكی زانستیی بنووسرێت یان ئەوانەی نووسراون لە ساڵانی (١٩٧٦ ـ ١٩٧٨) ـەوە سەرلە نوێ ئەو زاراوە زانستیی یانەی بەكارهاتوون لابران و قەدەغە كراون.

بەرهەمەکانی د. فازیل قەفتان

١. ناميلكەی چالاك   چوار چيرۆك بۆ منداڵان   ١٩٦٧

٢. ناميلكەی من كێم   زانياريی بۆ منداڵان   ١٩٦٩

٣. گەشتێك بە سروشت و زانستدا   ١٩٨٤

٤. التنمية الاقتصادية   بە زمانی عەرەبی   ١٩٨٤

٥. الذهب الأسود   بە زمانی عەرەبی   ١٩٨٤

٦. ڕژێمە ئابورييەكان و كۆمەڵگای تەكنۆلۆژی نوێ   ١٩٨٦

٧. كوخەكەی مام تۆم   وەرگێڕراو بۆ كوردی   ١٩٨٨

٨. سروودی نيشتمانی و نەتەوەيی   ١٩٩٨

٩. پرۆژەی بەكوردييكردنی زانست و خوێندنی باڵا   ١٩٩٢
لە ساڵی ٢٠١٩ چاپكرا.

هەواڵنامەی کتێب

بڵاوکراوەکانی پرۆژەی قەفتان

١. ڕۆشنبیر دەسەڵات ژینگە

نووسینی : ئازاد تۆفیق خەیات ٢٠١٧

٢. وەهمی دونیایەکی تر

نووسینی : ئارام قەفتان ٢٠١٨

٣. لەناو موزیکی کوردیدا

نووسینی : د.بەرزان یاسین ٢٠١٨

٤. فریودان و ساختەکاریی تۆڕەکانی ئینتەرنێت

نووسینی : جەمال عومەر محەمەد ٢٠١٨

٥. ئەخۆل لە نێوان ئەدەب و هونەردا

ئامادەکردنی : مەریوان قەفتان ٢٠١٩

٦. پرۆژەی بە کوردیکردنی زانست وخوێندنی باڵا

نووسینی : د. فازیل قەفتان ٢٠١٩

پرۆژەی قەفتان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

هەرگیز بەکوردییکردنی زانست یان زانست بەکوردییکردن (بەهەموو بوار و جۆرەکانیەوە) بە واتـای (دەرگا داخستن و خۆجیاکردنەوە و گۆشەگیریی نی یە بە ڕووی زمان و میللەتانی دوور و نزیکی جیهان)ەوە (بەڵکو ڕاستی ئەم مەسەلەیە تەواو پڕبەپڕ پێچەوانەی ئەوەیە)، واتە لەم ڕێ یەوە نەتەوەی کوردمان دتوانێت پەیوەندیی خۆی زیاتر پتەوتر بکات بە میللەتانی جیهان و زمانەکانیانەوە، بۆ ناسین و شارەزابوونی ئەو ڕادە و ئاستەی ئەو میللەتانە لە ڕووی هونەر و ئەدەب و تێکڕای زانستەوە کە پێی گەیشتوون.

د. فازیل قەفتان

پرۆژەی قەفتـان

2019